# بە شایەتی مێژوو ئیسلام توندڕەو نییە

نووسەر:

دوکتۆر شەوقی ئەبوخەلیل

وەرگێڕ

عەتا گوڵنامی (کانیسانان)

سنندج

www.ketab.ir

| | | |
|---|---|---|
| سرشناسه | : | ابوخلیل، شوقی |
| | | Abu Khalil, Shawqi |
| عنوان قراردادی | : | التسامح فی‌الاسلام (المبدا و التطبیق) .کردی |
| عنوان و نام پدیدآور | : | به‌شایه‌تی مێژوو ئیسلام توندره‌و نییه/ نوسه‌ر شه‌وقی ئه‌بو خه‌لیل ؛ وه‌رگێڕ عه‌تا کانی‌سانانی. |
| مشخصات نشر | : | سنندج: انتشارات شیخی، ۱۳۹۵. |
| مشخصات ظاهری | : | ۱۲۰ ص.؛ ۱۴/۵×۲۱/۵ سم. |
| شابک | : | ۹۷۸-۶۰۰-۶۳۵۸-۳۹-۰ |
| وضعیت فهرست نویسی | : | فیپا |
| یادداشت | : | کردی. |
| موضوع | : | تساهل دینی -- اسلام |
| موضوع | : | Religious tolerance -- Islam |
| شناسه افزوده | : | کانی‌سانانی، عطا، ۱۳۶۱ -، مترجم |
| رده بندی کنگره | : | ۱۳۹۵ ۵۰۴۹۵۴ت۲۴الف/BP۲۵۴/۱ |
| رده بندی دیویی | : | ۲۹۷/۶۵ |
| شماره کتابشناسی ملی | : | ۴۲۲۸۰۷۰ |

سنه- پاساژی عیززه‌تی:۰۸۷-۳۳۱۵۴۱۵۲

**به شایه‌تی مێژوو ئیسلام توندڕه‌و نییه**

★ ناوی کتێب (نام کتاب): به شایه‌تی مێژوو ئیسلام توندڕه‌و نییه

★ وه‌رگێڕ (مترجم): عه‌تا گڵنامی(کانیسانانی)

★ که‌ڕتی چاپ (نوبت چاپ): یه‌که‌م (اول):۱۳۹۵

★ ژماره‌ی چاپکراو (تیراژ): ۱۰۰۰به‌رگ(جلد)

★ ژماره‌ی لاپه‌ڕه و قه‌واره (تعداد صحفه و قطع): ۱۱۲ صحفه رقعی

★ بڵاوکه‌ره‌وه (ناشر): بڵاوکردنه‌وه‌ی شێخی (انتشارات شیخی)

**نرخی (قیمت):** ۶۰۰۰تمه‌نه

**شابک:۰-۳۹-۶۳۵۸-۶۰۰-۹۷۸**

**ISBN: ۹۷۸-۶۰۰-۶۳۵۸-۳۹-۰**

پێشەکی وەرگێڕ............................................ ٥
چەند تێبینیەکی پێویست............................................ ١١
پێشەکی نووسەر............................................ ١٢
(مافە گشتییەکانی پەیمان لە ئەستۆکان)............................................ ٢٤
ڕیشەی وشەی تەساموح لەزمانیعەرەبیدا............................................ ٤٢
چۆنیەتی بڵاوبوونەوەی ئیسلام و ئایینەکانی تر............................................ ٥٢
وڵاتی شام............................................ ٥٦
وڵاتی (مصر)............................................ ٥٧
وڵاتی (أندلس)............................................ ٥٧
وڵاتی (السند)............................................ ٥٨
ڕووداوێکی هەمیشە زیندوو لە مێژووی مرۆڤایەتیدا............................................ ٥٩
(قسطنطینیە) دوبارە ئاوادکردنی............................................ ٦١
مەسیحیەکان دەربارەی ڕەفتاری فاتیحەکان لەگەڵیاندا چی دەڵێن؟.. ٦٣
شەریعەتەکانی تر چۆن بڵاو بوونەتەوە؟............................................ ٦٤
ئایینی بودا............................................ ٦٤
ئایینی مەزدەکی............................................ ٦٥
ئایینی زەردەشتیەکان............................................ ٦٥
ئایینی کونفوسیوس............................................ ٦٥
ئایینی مەسیحییەت............................................ ٦٥
دادگای لێکۆڵینەوەی باوڕ The Induiaition............................................ ٧٠
وێنەیەک لە دادگایی موسوڵمانێک............................................ ٧٤
دۆزینەوەی شوێنە نادیارەکان (الکشوف الجغرافیة)............................................ ٨٤
شایەتیەکی تر............................................ ٩٤
دڵڕەقی ئەوروپاییەکان لە ئاستی منداڵانی(أنکا) و(مایا) و(أزتیک)............................................ ٩٦
بانێک و دووهەوا............................................ ٩٧
هەستی پڕ لە ڕق و قینی سەربازە مەسیحییەکان............................................ ٩٧
کارەساتی سان بارتلمی............................................ ٩٨
دوایین وتە............................................ ١٠١
شایەتیە دادپەروەرانەکان............................................ ١٠٣
گەڕانەوە بۆ سەرەتا............................................ ١١٠

# پێشەکی وەرگێڕ

بە ناوی خوای دادگەری دادپەروەر، سوپاس و ستایش بو خوڵقێنەری هەموو بوونەوەر، دابەزێنەری سروش و پەیامی ئاشتی بۆ سەر پێغەمبەر، درووود و سڵاوی خوا بۆ سەر ڕێبەری سۆز و میهرەبانی موحەممەدی سه روەر، دامەزرێنەر و بەڕێوەبەری ئایینی دادپەروەر، و بۆ سەر یاران و ئاڵا هەڵگرانی ئاینی هەوڵدەر بۆلابردنی زوڵم و ستەم لە سەر بەشەر.

خوێنەری بەڕێز و خۆشەویست پێویستە ئەوە بزانی: کە ئایینی ئیسلام ئایینێکە کە بە درێژایی ٢٣ساڵ پێغەمبەرایەتی ڕێبەرەکەی ٢٧ غەزا و ٤٧ سەرییەی ئەنجام داوە،کە تەنیا لە ٩ غەزادا جەنگ ڕوی داوە، و لە سەرییەکانیشدا لە بازێکیاندا جەنگ ڕوی داوە، و لە بازیکیاندا ڕوی نەداوە، و لە هەمووی گرنگتر ئەمەیە سەرجەم کوژراوەکانی ئەم شەڕانە بە کافر و موسوڵمانەوە [٢] ١١٠٠ نەفەر بووە. بەڵام شەڕەکانی پێش ئیسلام و دوای ئیسلام بەم ژمارانەوە تەواو بوە، ٨٠٠٠ کەس لە شەڕی ڕۆوس الکلاب [١٩٧ق‌ز] یان ٧٠٠٠ کەس لە شەڕی ماراتون [٤٩٠ق‌ز] [٣] یان شەڕی مەغولەکان کە تەنیا لە بەغداد دا یەک میلیۆن نەفەریان کوشتوە.

ئایینێ کە شەڕی سەدوبیست ساڵەی دوو تایفەی ئەوس و خەزرەجی کۆتایی پێ هێنا، یەکێتی و برایەتی خستە نێو هاوەڵە کۆچەری و یاری دەرەکان(انصار و مهاجر) ئایینی نەرم و نیانییە، چوون خودا بە پێغەمبەر ئەفەرمێ: ئەگەر تۆ تورە ودڵڕەق بویتایە ئەوا کەس لەدەورت کۆ

---

١. واتە دەرچوونی پارچە لەشکە ر.مێرگ وگوڵزاری بەهار: ل:٢١٠

٢. بدرالکبری ل:١٨و١٩:د: شوقی ابوخلیل

٣. بدرالکبری ل:١٩: د: شوقی ابوخلیل

www.ketab.ir

نەدەبویەوە[1]. ئایینی سۆز و بەزەیی و میهرەبانییە، چوون ئەفەرمێ: هۆی ناردنی تۆ بە پێغەمبەرایەتی ئەوەیە کە ڕەحمەت بیت بۆ هەموو عالەم.[2] ئایینی چاکسازی وچاکەخوازییە، چوون ئەفەرمێ: چاکەکار بە، چوون خوا چاکەکارانی خۆش ئەوێت[3]. و چون خۆی ئەفەرمێت: من بۆئەوە ڕەوانەکراوم تا ئاکارە بەرزەکان بگەیەنمە چڵە پۆپە[4]. ئایینی دادپەروەرییە، چوون خوا ئەفەرمێ: دوژمنایەتی هیچ گەل و هۆزێک وات لێ نەکات کە نادادپەروەرانە بجووڵێیتەوە[5]. هەر بۆیە لە سەرییەی(بئر مەعونە) دا کاتێک کافرەکان پەیمانیان شکاند و حەفتا کەس لە سەحابەکانیان شەهید کرد پێغەمبەر(درودووسڵاوی خوای لەسەر)خۆی دووکەسی بۆ بژاردن کە لە لایەن سەحابەیەکەوە لە تۆڵەی ئەوحەفتا کەسەدا کوشتبونی (بەڵام ئەو سەحابەیە نەیزانیبوو کەلە نێوان پێغەمبەرو ئەمانەدا پەیمان هەیە) بۆیە پێغەمبەر خوێنەکەیی بۆ بژاردن وفەرمووی ئێمە پەیمانمان پێ داون نابێ بیشکێنین[6]. پەس حەقی خۆیەتی پێی بلێیت: ئایینی دادپەروەرییە، ئایینی مرۆڤ دۆسیە، ئاینێکە کە ناحەزە بە خوێن ڕشتن، چون نەک تۆڵەی نەکردەوە بەڵکوو تۆڵەی ئەو کوژراوەکەشی

www.ketab.ir

١. آل عمران/١٥٩

٢. انبياء/١٠٧

٣. مائدة/٩٣

٤. إنما بعثت لأتمم مكارم الأخلاق (البيهقى عن أبي هريرة)

٥. مائدة/٨

٦. مێرگ وگوڵزاری بەهار: ل :٣١٤ و١٥وسەرچاوە کانی ئە م سەرچاوە یشە ئەمانەن(السيرة الحلبية ب/٣ ل٢٤٤-٢٣٣.والبداية والنهاية ب/٢ ل٤١٩-٤٢٤-٤٢٨-٤٣٠.وفتح البارى ب/٧ ل٤٧٣-٤٨٩

بۆبژاردن تا بسەلمێنێ کە ئایینی ئێمە بۆخوێن ڕشتن نەهاتووە.

بەڵام پلان و نەقشــەی دووژمنانی ئایینی ئیسلام کۆتایی نایەت. نەک کۆتایــی بەڵکــوو ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر ئەبێت و بە بەرگ و لیباســێکی تازەتر و لە ژێر درووشــمە جۆراوجۆرەکانی ئازادی هونەر و ڕادەربڕین و بە ناو دیموکراسی و مافی مرۆڤ، سووکایەتی بە دین و ڕێبەر و سەرکردەکانمان دەکرێت و قورئانەکەمان کە سەرچاوەی یەک میلیارد و نیو موسوڵمانە لە وڵاتانی ڕۆژئاوا بەدەستی کەشیشە ڕەگەزپەرەستەکان و بە ناو بیرمەندەکان سووکایەتی پێ دەکرێت و دەسووتێندرێت و ڕۆژنامەنووسەکان کە ئەبوا سنوری پیرۆزییەکانیان بپاراســتایە ئەوانیش بە ڕێگەی سەرکردەکانیان دا چوون و ســوکایەتیان بە پێغەمبەر کرد و کاریکاتێری تیرۆریســتییان لە پێغەمبەر(دروودوسڵاوی خوای لەسەر) کێشا.

وەک ڕۆژنامەی (یولندس بوستن)ی دانمارک و (شارلی ابدو)ی فەرەنسە و ( آسوشــیتدپرس)ی ئەمریــکا و ... و چەندهــا بێ ڕێزی تر کە بە دین و ئایینمان کرا. بانگەوازخوازێکی مەســیحی بەناوی(تاکڵی) دەڵێ: {**یجب ان نســتخدم القرآن وهو امضى ســلاح ضد الاسلام نفســه، حتى نقضي عليه تماما، يجب ان نبين للمسلمين ان الصحيح في القرآن ليس جديدا، وان الجديد فيه ليس صحيحا**} واتە: بۆ ئەوە بتوانین ئیسلام بە تەواوەتی لە بەین بەرین، پێویســتە کاریگەرترین چەکێ کە قورئانە، لە دژی خۆی بەکاری بێنین و پێویســتە موســوڵمانان وا حاڵی کەین کە راســتییەکانی قورئان تازە نییە، و تازەکانیشی راست نییە[1].

ئێمە هەرگیز ئەم ڕەســتەی گلادســتونی ســەرۆک وەزیرانی پێشوی

١. دمروا الاسلام و ابيدوا اهله:جلال العالم:ل ٥٠

www.ketab.ir

بریتانیا لە بیر ناکەین کە وتویەتی: **{ما دام هذا القرآن موجودا فی ایدی المسلمین فلن تستطیع اوربة السیطرة علی الشرق}** واتە: تا ئەم قورئانە بەدەس موسوڵمانانەوە بێت ئورووپا ناتوانێ دەسەڵات بەسەر ڕۆژهەڵاتدا پەیدا بکات.[1]

تەنانەت کمونیستەکانیش ئەمە باوەڕیانە کە دەڵێن: **{من المستحیل تثبیت الشیوعیة قبل سـحق الاسلام}** واتە: تا بە تەواوەتی ئیسلام لە ناو نەچێت، ئێمە ناتوانین لە نێوخەڵکیدا جێگە پای خۆمان بکەینەوە[2].

(بن گوریون) سەرۆک وزیرانی پێشووی (اسـرائیل) وتوویەتی: (ان اخشـی ما نخشاه ان یظهر فی العالم العربی محمد جدید) واتە: ترسناک ترین شـتێک کە ئێمە لێی ئەترسـین ئەوەیە کە لە عالەمـی عەرەبیدا موحەممەدێک سەرلە نوێ پەیدا بێت[3].

ئەمانە هەمووی وامان لێ ئەکات کە بێژین دووژمنی ئێمە هەمیشـە و بە هەموو جۆرێک خەریک پلان و نەقشـە دارشـتنە بـۆ پێغەمبەر و قورئان و ئیسـلام، بە تایبەت لەم سـەردەمەدا کە بەشـی زۆری دەسگا ڕاگەیاندنەکان وەک ماهوارە و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانی وەک فەیسبوک و توێتر و تانگۆ و واتسـاپ و ... لە ژێر چاودێری جولەکە و گاورەکاندان کە بە توندی هێرش ئەکەنە سـەر ئیسـلام و پێغەمبەر و بە خوێن ڕێژ و داگیرکەر و توندوتیـژ و زەبر و زەنگ تۆمەت باریان ئەکەن. لەبەر ئەوە کـە ناوەڕۆکی ئەم پەرتوکە وەرگێـڕدەراوە ئەیتوانی وڵامی هەندێک لەو

١. دمروا الاسلام و ابیدوا اهله:جلال العالم:ل ٣١
٢. سەرچاوەی پێشو:ل:٣١
٣. سەرچاوەی پێشو:ل:٣٣

www.ketab.ir

تۆمەت و گومانە بێ بنەمایانە بداتەوە کە لە لایەن دوژمنانی ئایینی پاکی ئیسلامەوە ورووژێندراوە، هەروەها لە بەر ئەوەی کە هەست دەکەم کە بەشێک لە گەنج و لاوەکانی ئێمەیش باوەڕیان بەم تۆمەتانە کردووە و خەریکن لە خشتەیان ئەبەن، هەستام بە وەرگێڕانی ئەم پەرتووکە بە زمانی کوردی بۆ برا و خوشکە کوردەکانم، بە هیوای ئەم چەند شتە؛

یەکەم: بتوانێ گومان و دوو دڵییەکانیان بڕەوێنێتەوە.

دووەم: تێبگەن لەوەی کە ئەمانە خراپە و عەیبی ئایینە دەسکاری کراوەکانی خۆیانە و ئەیدەنە پاڵ ئیسلام، وەک دەڵێ: دەسە چەورەکەی خۆیان بەسەر ئیسلامدا ئەساون. یان وەک زانستی دەروون ناسی(علم النفس) لە باسی نەخۆشییەکانی دەروونیدا باسی نەخۆشییەک ئەکات کە پێی دەڵێن(اسقاط) واتە: مرۆڤ حەز دەکات خراپە و عەیبەکانی خۆی بداتە پاڵ کەسێکی تر و خۆی لێ دوور بکات.

سێیەم: بۆئەوە بزانن کە بۆیە ئیسلام وا نیشان ئەدەن، تاکو خەڵکی شەڕە خوێناوییەکانی خاچ پەرستەکانی واسکۆ دیگاما و کریستۆف کۆلۆمب و پاپایوحنای پورتەغاڵ و ژینۆسایدەکەی قودس و ئەشکەنجە و ئازارەکانی زیندانەکانی خاچپەرەستەکان و هەزاران ناپاکی و نادادپەروەری تر کە کردویانە، لە بیر بکەن و لە مێشکیاندا بیسڕنەوە و سەرنجی خەڵک لە خۆیان لا بدەن و بیگەڕێننەوە بۆ سەر ئایینی پاکی ئیسلام.

چوارەم: بۆ ئەوە یاسا نامرۆڤانەکانی جوولەکەکان لە خەڵکی گوم بکەن. لە تلمودا بە ڕاشکاوانە هاتووە کە دەڵێ: خوا هەموو خەڵکی بۆ بەندەیی و نۆکەری ئێمە درووس کردوە و دەڵێ: چویتە هەر شوێنێک بۆ شەڕ، بۆت هەیە هەموو ئەو خەڵکە لە بەین بەریت و ... هەروەها

چەندها یاسای دەس درووسی تر کە بۆ بەرژەوەندی خۆیان بە ناو خوداوە دایان ناوە.

پێنجەم: بۆ ئەوە خەڵکی کوشتارەکانی ستالین و لینین و سەرانی کومونیستی لە بیرکەن کە هەرکەس ژیانی ئەمانە بخۆێنێتەوە بە تایبەتی ستالین کە ١٠ ملیۆن جوتیاری ئۆکراینی لە ناو برد بە دارشتنی یاسایەکی نادادپەروەرانەی ئابووری، یان کوشتنی هەزاران مرۆڤی بێ تاوان بە تۆمەتی(کولاک)[1]، یان (تسفییەی گەورە)[2] ئەوکات ئەزانێ کە ئەمانە چەندە درندە و دژە مرۆڤ بوون[3].

شەشەم: بە ئومێدی ئەوەی کە ئەم پەرتووکە هاندەرێک بێت بۆ بەدواداگەڕانی ڕاستییەکان و دەرکەوتنی درۆ و تۆمەتەکانی نەیارانی ئیسلام.

حەوتەم:بۆ ئەوەی خۆێنەری کوردی بەڕێز شەڕەکانی نێوان ئیسلام و دینەکان هەڵبسەنگێنێت و بزانێت کە یاسا و ڕێسای هەرکامیان چۆنە، و چۆن هەڵسووکەوتیان کردوە لەگەڵ دیلەکانیاندا و شتانێکی تر لەم بابەتە. تا بزانن کە مافی ناموسوڵمانەکان لە حکومەتی ئیسلامدا چۆنە و چەنێکە و تا چەندە ئازادن لە دەربڕینی درووسمە ئاینیەکانیاندا و چۆن لە بەرانبەر سەرانەیەکی کەمدا گیان و ماڵ و ناموسیان پارێزراو بووە و بەرگری لێ کراوە؟

www.ketab.ir

١. واتە جوتیاری سەرمایەدار.

٢. واتە کوشتنی ئە وکەسانەی کەدژ بەحکومەتەکەی بوون.

٣. بۆزیاتر زانیاری بگەڕێرەوە بۆ ویکیپیدیا بە نوسینی ناوی سەرۆکەکانی کومونیستەکان، جا ئەو کات ئە زانی ئەمانە چەندە جنایەت کاربوون.